# پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لە گۆڕینەوەی ئاڵتون بە زیو لەسەر بنەمای قەرزکردن

لە ئەبی مینهالەوە دەڵێت: «پرسیارم لە بەرائی کوڕی عازیب وزەیدی کوڕی ئەرقەم کرد -ڕەزای خویان لێبێت- دەربارەی گۆڕینەوە (سەڕف - الصرف) (مەبەستی گۆڕینەوەی ئاڵتو بە زیوە لێرەدا)؟ هەریەکێکیان دەیووت: ئەو لە من خێرتر وباشترە. وهەردووکیان دەیانووت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لە گۆڕینەوەی ئاڵتون بە زیو لەسەر بنەمای قەرزکردن».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئەبو مینهال پرسیاری لە بەرائی کوڕی عازیب وزەیدی کوڕی ئەرقەم کرد سەبارەت بە مامەڵەی گۆڕینەوە (سەڕف - الصرف) کە ئەمیش بریتیە لە گۆڕینەوە وفرۆشتنی نرخی شتومەکێکی دیاریکراو بەرامبەر نرخی ئەوی تریان. هەردوویان بەهۆی تەقواداری وسادەییان ئاماژەیانکرد کە ئەوی تر فەتوا بدات چونکە ئەوی زاناترە وشیاوترە بۆ وەڵامدانەوە. بەڵام هەردوویان ڕێککەوتون لە سەر ئەم گێڕانەوەیان کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لە فرۆشتنی ئاڵتون بە زیو بە قەرز (لەسەر بنەمای قەرز کردن)، چونکە ئەم جۆرە مامەڵەیە ڕیبای تێدایە، بۆیە دەبێت گۆڕینەوە وپارەدانەکە لە هەمان شوێنی دانیشتنەکەدا (شوێنی گرێبەستەکەدا) ئەنجامبدرێت پێش جیابوونەوەیان، ئەگەر وا نەبێت ئەم گۆڕینەوەیە (سەڕفە) دروست نییە وڕیبا دواخستنی (ربا النسيئة)ی تێدایە. تێبینی: ڕیبا (سوو) جۆرە مامەڵەیەکی حەرامە کە پەیوەندی بە سامانەکانەوە (پارە وموڵکەکانەوە) هەیە، ودابەش دەبێت بەسەر دوو جۆردا: 1/ ڕیبای قەرز، ئەمیش بریتیە لە زیاد کردن بۆ سەر بڕی پارە قەرزکراوەکە لە بەرامبەر زیاد کردنی ماوەی دانەوەی قەرزەکە، 2/ ڕیبای فرۆشتنەکان، ئەمیش بریتیە لە زیادکردن یان دواخستن سەبارەت بە هەندێک جۆر لە سامانەکان، کە پێیان دەووترێت جۆرە ڕیباییەکان (الأصناف الربوية) ئەم جۆرانەش بریتین لە: (ئاڵتون، زیو، گەنم، جۆ، خورما، خوێ)، کە لە فەرموودەی تردا بە ووردی باسیان کراوە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5920

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee